بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بــڕیــار**
**ژمارە ( 7 )ی ساڵی 2014**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (16) ساڵی 2014 کە پەرلەمانی کوردستان–عێراق لە دانیشتنی ژمارە (16) لە 2014/7/17 پەسەندی کردوە :**

**بڕیاری ژمارە ( 16 )ی ساڵی 2014**

**یەکەم: ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (55)ی ساڵی 2004ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق .**

**دووەم: ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق .**

**سێیەم: ئەو عقارەی بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (7)ی ساڵی 1992ی هەڵوەشێندرایەوە، دەیگرێتەوە، لایەنە کارگێڕی یان خۆجێیەکانی هەرێم بەخشیویانە بە کەسی تر، بە موڵکی دەستبەسەرداگیراو دادەنرێت و خاوەنە پێشووەکەی مافی نیە داوا لەلایەنە حکومیەکانی هەرێم بکات بە وەرگرتنەوەی عقارەکە یان بەهاکەی یان کرێی هاوتا یان قەرەبوو کردنەوەی بە نەختینە یان عەینی .**

**چوارەم: ئەو کەسەی حوکمی بڕگەی (سێیەم)ی ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە مافی نیە داوا بکات لەو کەسەی خاوەندارێتی عقارەکەی بۆ چووە، عقارەکەی یان بەهاکەی یان کرێی هاوتا یان هەر قەرەبووێکی دەرئەنجام لێی، بۆی بگەڕێنێتەوە**

**پێنجەم:**

1ـ حوكمەكانى ئەم بڕیارە بەسەر سەرجەم ئەو كەیسانەی خراونەتە بەردەم دادگا یان لایەنە كارگێڕییەكان پیادە دەكرێت.

2ـ سەبارەت بەو بڕیارانەی پلەی بنبڕیان وەرگرتووە، ئەوا حكومەت پابەند دەبێت بە قەرەبووكردنی كەسی زیان پێگەیشتوو لە هاولاتیانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق بە عەین بێت یان نەختینە.

**شەشەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكانە حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بكەن.

**حەوتەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێ و ، لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) بڵاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
2014/8/21

### هۆیەكانی دەرچوواندن

بەمەبەستی چارەسەركردنی ئەو ئاسەوارانەی بەهۆی جێبەجێكردنی بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 1992 هەڵوەشاوە و، بڕیاری ژمارە (55)ی ساڵی 2004ی پەرلەمانی كوردستان هاتونەتە كایەوە، بۆ پاراستنی مافی بەدەست هاتوو ( الحقوق المكتسبة )ی كەسەكان و، بۆ جێگرتنەوەی ئەو یاسایەی كە بڕیاری ژمارە (7)ی ساڵی 1992ی هەڵوەشاوە ئاماژەی بۆ كردووە، ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.